www.kurdistannet.org
18-1-2006 20:23بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بەرژەوەندی ئێمە چیە لە دروستبوونی دووو هەرێمەکەی خواروو ناوەڕاست؟ ئەندازیار نەریمان مەلامحمدگەلاڵی



پێداگرتنی هاوپەیمانی شیعە لەسەر دامەزراندنی دوو هەرێمی تر لە ناوچەزۆرتر شیعە نشینەکانی باشوور و ناوەڕاستی عێراق بە بەغدای پایتەختیشەوە گەورەترین مەترسی بۆ بەرژەوەندی سوننەی عەرەب دروست کردوە چونکە ئیتر سوننە هیچ ئومێدێکیان لەبەر دەم نامێنێ کە جارێکی تر بە بارستاییەکی سیاسی گەورەوە بێنەوە ناو گەمەو مەیدانی دەسەڵات لە عێراقی داهاتوودا هیچ رێگەیەکی تریشیان لە بەر دەم نامێنێتەوە جگە لە قبووڵکردنی (ئەمری واقیع) کە ئەمڕۆ پشت ئەستووره بە ژەستووری نوێی عێراق کە تێیدا بە ڕاشکاوی دان بە دروستبوونی هەر هەرێمێکی فیدراڵی دەنێت لە سە رتاسەری عێراق ئەنجامی ئەوەش دەبێتە سەپاندنی هەرێمێکی سست و لاواز ی بێ ویست و ئارەزووی ئەوان. بۆ ئێمەی کورد هاوکێشەکە تاڕاددەیەک جیاوازی هەیە چونکە دروست بوونی ئەو هەرێمانە لە لایەک شوێن پێی ئێمە بەهێز تر دەکات و ە لایەکی تریش ڕێگە لەهەموو ئەو هەوڵە نەزۆکانە دەگرێت کە دژایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن لەسەرشێوازی پەیوەندی ئەو هەرێمە بە چەقەوە (مەرکەز) و جارێکی تریش بە بڕای بڕ مەترسی ئەوە نامێنێ کە حوکمێکی مەرکەزی بەهێز دروست ببێتەوە. هەرچی چۆنێکیش بێت دروستکردنی ئەو هەرێمانە باشترە لە دروستکردنی پەرلەمان و حوکومەتێکی ناوەندی بە زۆرینەی شیعە!. !

سوننە بە هاتوهاواری لێک هەڵوەشاندنەوەو دابەشبوونی عێراق دەیانەوێت مەترسیەک بخەنە بەر گوێی وولاتانی دەوروبەرو ئیقلیمیەوەو لەو بانگەشەوە سوودی سیاسی ببینن ئەنجامەکەی ببێتە لەبارچوون یان گۆڕینی سیستەمی فیدرالی بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەت بە گۆڕینی دەستوور بە شیوەیەکی بنەڕەتی کە ئەمە پێچەوانەی بەرژەوەندی ئێمە و شیعەشە. بۆ ئێمە دروست بوونی ئەو دوو هەرێمە سوودو بەرژەوەندیەکی ستراتیجی دەبێت چ لە ئێستاو چ لە داهاتوو چونکە ئەوکات و لە سنووری بەریەککەوتنمان لە نێوان هەرێمی کوردستان و هەرێمی ناوەند یاخود خواروو دەکرێت باشترین پەیوەندی ئابووری دروست بکەین و کەڵک لە بەندەرەکانی ئاوی هەرێمی خواروو وەربگرین بە بی ئەوەی کە بە هەرێمی سوننە نشیندا بڕوات. هەم بۆ کوردو هەم بۆ شیعەش باش دەبێت کە ئەوان دان بە کوردستانی بوونی کەکوک و خانەقین ومەندەلی و بەدرەو شوێنە کوردستانیەکانی تربنێن و ئێمەش پشتگیری ئەو دوو هەرێمە بکەین کە بەغداش لە ناو یەکێکیاندا بێت. ئەو کات هیچ هۆکارێکی نەرێنی دروست نابێت کە ببێتە هەڕەشەو هۆی تێکچوونی پەیوەندی و بەرژەوەندی نێوانمان و لەوانەیە بۆ ئێمە ببێتە زیاتر دروستبوونی بەهێزکەرەکان (مقەویمات) کە ئێستا نیمانە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی لە داهاتوو.